## هەرجارەی باسیک

## کاریگەری هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەسەر مرۆڤ و پێچەوانە

**ئاسۆ حامدی**

کات یەک ئاراستەی هەیە، تەنها بۆ پێشەوە هەنگاو هەلدەگرێ. لە باری کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی دا زۆرجار کۆمەڵگا بۆ دواوە هەنگاو هەڵدەگرێ بە بازدانیش نەک بە هێواشی.
لە هەشت وولاتە پیشەسازیە گەورەکەی دونیا ئالوگۆڕ و گەشەسەندن لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان زۆر خێرایە، کاروانی هەموو جیهان بەدوای خۆیدا کێش دەکات، سەرەڕای ترسیان لە گەشەی هێندێ وولاتانی تر و کاریگەری مەزهەبە کریستیەکان لە سەرخانی کۆمەڵگادا.
ئەوەی لێرە دەمانەوێ باس لە ئالوگۆڕەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە و کاریگەریان لەسەر مرۆڤ بکەین. سەرەتا پێویست و ڕێککەوت ڕۆلی سەرەکیان بینیووە لە داهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا،
پێویستی مرۆڤایەتی بە ئامێرەکان و ڕێککەوت توانیان مرۆڤ بۆ ئاستی بەرزی هۆشیاری ببەن.
سەرەتا مرۆڤ ئامێرەکانی بۆ کارئاسانی فیزیکی بەکار دەهێنا دوای هیواش هێواش لە باری فکریش خستیە کار.
پەیدابوونی بیری ئەلکترۆنی و رۆبۆت و ئامێرەکانی تری ڕۆژانە کە دیگیتالیزەبوونی خودی مرۆڤ بەیان دەکەن، وا خەریکە ئەم ئامێرانە دووبارە مرۆڤ بکەن بە کۆیلەی ئامێرەکان.
دروستکەری هەموو ئەمانە لە بیرکردنەوەی خودی مرۆڤ و دەوروبەری هاتوون بەلام گەشە پێکردنی ئامێرەکان و پەرەسەندنیان بە هاوکاری هۆیەکانی بەرهەمهینان و مرۆڤن.
لەبەر ئەوەی دەسەلات و خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان ئەقەلیەتێکی کەمن بۆیە هەروادێ خاوەنکارەکان خۆشیان لە ئامێرەکان دێ تا لە خودی مرۆڤ. چونکە ئامانج لیرەدا تەنها قازانجە لە جیاتی ئامانجێکی مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتی.
ئەگەر نرخی ئامێرەکان زیادبوو و ئەوکات خاوەنەکانیان بیر لە کرێکاری کرێ هەرزان دەکەنەوە، ڕەنگە تا ماوەیەکی تریش گواستنەوەی کارگەکان لە وولاتانی کرێکاری هێزی کار گران بۆ وولاتانی هێزی کاری هەرزان بەردەوامی هەبێ، بەلام خودی گلۆبالیزم لە دەروونی خۆیدا ئەم مەسەلەیەش قورسدەکات.
پەیدابوونی ئامێرەکانی کە کاری کارگیری و داتاکان و سیستەمەکانی ژیان و گوزەرانی سەرمایەداری دەکەن، هەروادێ مرۆڤ ئەسیری دەستی ووزەی کارەبا و ئەتۆم و ئۆلی و. سیستەمەکان دەبێ. بەنموونە ئەگەر ڕۆژێ سیستەمی سێرڤەری بنوکی وولاتێ کارنەکا یان هەر ئینێرژی لە وولات گرفتی هەبێ ئەوا زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ بژی.
ئەم پشت بەستنە بە ئامێرەکان وای لەمرۆڤ کردووە خودی تواناکانی بۆ ئامێرەکان بگواستەوە، هەر هەلەیەک لە داتا دەبێتە هەلەی مرۆڤ و کارمەندان.
خێرا بوونی سەردەم و زۆری داهات و ئیختیارەکان لە کۆمەلگای بازاڕی ئازاد و بەها کان و نرخ و قازانج وایان کردووە هەموو ئینسانەکان لە خەمی گیرفان و ژیان و گوزەرانیاندا بن.
ئەگەر نا مرۆڤ تووشی سەرگەردانی و بێ مالی و نەبوونی و ڕەزالەت دەبێ.
هەندێ خەلک دەلێن پیاوە ئایینیەکانی ئەمڕۆ ، ئێستا هەموو ئالەتی حاسبەیان لە گیرفانە لە جیاتی قورئانێکی بچوک یان بایبلیکی گیرفان. تەنانەت هەلبەزین و دابەزینی دۆلار و پارەکانی وولاتەکەیان لە هەموو کەس باشتر دەزانن.
بۆ ئەوەی خودی مرۆڤ بێتەوە سەر قاچ و چیتر لەسەر سەر هەنگاونەنێ، دەبێ خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان لە کەمایەتەیەکی کەمەوە بۆ کۆمەلگا بگواسترێتەوە. ئەمە زۆر لە مێژە قوربانی بۆ دەدرێ لە لایەکیتر پێویستی بە گەڕانەوەی ئەو بیرو زەینەیە کە خەریکە هێواش هێواش دەچێتە نیو

ئامێرەکانەوە. بەڵام هەروا ئەم ئاواتە لە سەحنەی جیهانیدا هەر وەکو ئاوات ماوەتەوە سەرەڕای دوو تەجرەبەی مێژووی گرنگی مرۆڤایەتیدا و شکستخواردنیان..

لە نیزامی بەڕێوەبردنی مۆدێرندا هەردەم سەیری کەمترین ڕادە بۆ بەهای گۆڕراو دەکەن کە ئەمەش خودی هێزی کار دەنوێنێ، بەهای نەگۆڕ سەرمایە دەیەوێ زیاتر بەهای بۆ دابنێ، تا کەمتر کرێکار و هێزی کاری لە کارگە و کۆمپانیاکان هەبێ. بەڕیوەبەرێ بە ڕاشکاوی ووتی من خوازیارم بەڕێوەبەری کارگەیەک بم هیچ کارگەری مرۆڤی نەبێ، بەلکو هەموویان ئامێربن. ئەوکات نە کەس داوای قرارداد و ئیجازەو پارەی سەفەر و خانەنشینیم لێدەکات.نە ئەوەندە زەریبە بە دەوڵەت دەدەم و تەنها جارێکە لە کاتی کڕینی ئامێرەکان و نەکەسیش ئیعتراز دەکات.
ئەگەر کاروابڕوا مرۆڤ خودی خۆی خۆی بێکاردەکات، کۆمپیتەرێ دەتوانێ کاری زۆر لە کرێکار بکات تەنانەت پرۆگرامێکی کۆمپیتەر دەتوانێ زۆر کاری کرێکاران بکات و چەندین کار و پیشە بۆ ئەرشیف ببات و کەمێ پیشەش زیاد بکات، بەڵام ئەم کەم و زیادیە لە هاوسەنگدا نین. هەر بۆیەش کۆمەڵگای ئیستهلاکی هەروا لە زیادبوون دایە. سەرمایە بە ئەقلیەتێکی کرێکاری سەرکار بەشە بێکارەکەی گەلی کرێکار مەمرەو مەژی دەژێنێ لەگەڵ هێندێ لە یاساکانی کۆمەڵگا کە ناچاری کردوون سەرمایە و دەوڵەتەکانیان ملی بۆ بدەن، لەگەڵ ئەوەش لیبرالیزم هەروا لە هێرشی بەردەوامی دایە تا دەستکەوتەکانی کۆمەڵایەتی کرێکاران لە نێو ببات.

نەخۆشە کۆمپیوتەریەکانیش بەشێکن لە ئازارەکان بۆ مرۆڤ، بە نموونە نەخۆشی ئیر ئێس ئی کە نەخۆشی ماوسەکەیە بۆتە نەخۆشی سەردەم لە نەخۆشی سیلی کرێکارانی کارگەی ڕستن و چنینی سەدەی نۆزدە پیسترە. سیستەمی کۆمپیوتەر و ئامێرەکان چۆتە گشت کار و پیشەیەکەوە، هەر لە کاری دکتۆری تا قازیەکان و ئەدمینستڕەیشن و گشت کارەکانی زانستیە مرۆڤیەکان و زانستە مجەررەدەکان.
دەستکەوتەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە ئاستی کاری فیزیکی و فکری دا بەراورد بە هیزی کاری مرۆڤ ناکرێ، بەرزکردنەوەی داهات و ئەم هەموو دەستکەوتانە لە هەموو بوارەکانی زانست و ئابووری و تەندروستیدا کەم وێنەن. تەنانەت بەرزبوونەوەی ڕێژەی ناوەندی تەمەن و درێژی قیافەی مرۆڤ وگۆڕانی هۆرمۆنەکان و هتد هتد بەشێکن لە دەستکەوتەکانی مرۆڤ بە هۆی هۆیەکانی بەرهەم هێنانەوە. لەگەڵ ئەوەش
کوشتنی کرێکارێکی یابانی لە کارگەیەکدا بەدەستی ڕۆبۆتێ کە کاری گوشین بوو، هەرایەکی زۆری نایەوە لە سەردەمی خۆیدا.
گرنگترین گرفتی کۆمپیتەر ئەوەیە تا فەرمانی پێنەدەی توانای بیرکردنەوەی نیە، ڕەنگە ئێستا چەندین نیزام هەبێ بتوانن بیریش بکەنەوەو خۆشیان کار بکەن یان ڕەنگە سیستەمی وا هەبێ لە ئایندەدا ببێتە خودی زیاتر لە خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی.
لە دونیای ئەمڕۆ ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێرا دەڕۆن و تەنانەت مرۆڤ ناتوانێ بە هەموویان ڕابگا و هەر مومکینیش نیە لە هێندێ حاڵەتدا. جا ئەگەر کۆمەڵگا ئامادەگی ئەم ئاڵوگۆڕانە کۆمەڵایەتیانەیان نەبێ ئەوە نەوەکانی ئاییندە تووشی گرفتی زۆر دەبن لە گەڵ کەلتوور و تەقالیدی کۆن و وەزعیەتە بەردەوامەکان. ئەمڕۆ
لە بازاڕی ئازاددا تەنها قازانج گرنگە، ئەوەی تر هەمووی لاوەکیە. سەرمایە لە خەمی قازانجی ئەمڕۆش نیە بەلکو چۆن بەیانی قازانج بکات. لەم بازاڕە هیچ بەهایەکی مرۆیی و ڕەحم و گووناح و ئەمانە ووجودی نیە، دڵێکی ئاسن و مێشکێکی ساردی دەوێ بە قەولی ئەوانەی بازاڕی مالی دەڵێن.

له نیزامی سەرمایەداریدا مرۆڤ تەنها ژمارەیە، نە سەرۆک عەشیرەت و نە کوڕە شێخ دیارە هەمووی هەر ژمارەیە، بەڵام ئەگەر خۆیان خاوەنکار بوون ئەوا مەسەلەیەکی ترە.

بەکوورتی مرۆڤ لە ئەنجامی گەشەیدا بۆ دەستگرتن بەسەر سروشت و سامانی سروشتی و کۆمابوونی لە دەست کەمایەتیەکی کەم بۆتە کۆیلەی ئامێرەکان لە جیاتی پێچەوانە بێ. لە لایەکی تر خودی ئەمانە ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی فەرهەنگی زۆر بەدەست دێنن. هەر بیر لە دی جەی و مۆسیقا و ئامیرەکانی کیبۆرد و دەنگەکانی بکەنەوە کە چەندین ئالوگۆری لە پرۆدیوسەری گۆرانی و مۆسیقا لە ڕۆژئاوادا بەدەست هێناوە. خۆ باسی ئینتەرنێت و مۆبایل و ئامێرەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ با هەر نەکەین. لەم نێوەشدا بەبێ ئینێرژی کارەبا یان غاز یان ئەتۆم و ئۆلی، مرۆڤ ناتوانێ خودی ئامێرەکان بخاتە کار بۆ کۆیلەتی خۆی. ئینێرژی و هۆیەکانی بەرهەمهێنان مرۆڤیان لە سیستەمی ئێستادا بۆ دەورانی پێشەوە و دواوە دەنێن و دەبەن.یەک لە گرفتەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان کاریگەرییانە لە سەر گۆڕانی پلەی گەرما و ژینگە ڕەنگە زۆر کاریگەری تریش هەبێ لەسەر خودی زەوی وەکو پلانێتێکی ڕۆژ بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کاریگەریان لەسەر مەسەلە ژینگەییەکان ژیانی خودی سەر زەوی دەبەنەوە فازێکیترەوەو ڕەنگە خودی ژیان لە دەورانێکی نزیکدا لە سەر زەوی بەتەواوی گۆڕانی بەسەردابێ و کارەساتەکانی ناتوسامی و گرفتە ژینگەییەکانی ئەمریکا و توانەوەی بەفر لە شوێنە بەستەڵۆکەکان لە دونیا سەرەتای ئەم ئاڵوگۆڕانەن..

پەرەسەندنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان شیرێکە هەردوو لای تیژە . هەردەم بەردەوام دەبێ و لە کات دەچێ و لەسەر کەس و هیچ هەڵوەستەیی ناکا تەنها ئینێرژی نەبێ کە سەرچاوەی دینامیکیەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە لەگەڵ ئەوەش گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤەکانی ئینێرژیش بەشێکن لە گەشەی هۆیەکانی بەرهەم هێنان. مرۆڤیش بەگۆڕانی هۆیەکانی بەرهەم هێنان دەگۆڕێت بەڵام دوو ئاراستەی هەیە.

ئەگەرچی ئەمە بەگوێرەی شوێن و کات دەگۆڕین ، بەڵام با ئەمە بۆ خوێنەران جێ بێڵین و تۆزێ بیری لە دوو ئاراستەیی مرۆڤ بکەنەوە.